www.kurdistannet.org
24-7-2006 13:50بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## تەمەن نامەی شەوی بێ تۆیی... سالار جەوهەر

ئەمشەو لەکوێ ی؟
خوا ئەزانێ مەرگی من چەند تۆقێنەرە؟
چاوەکانم ئەنگوستە شەوێ دایگرتوون
پەنام بردۆتە بەر زمان.... زۆر بە هەڵپەم
شەقامەکان.... درەختەکان... دیوارەکان ئەلێسمەوە
بەڵکو شوێن پێ ی هەنگاوێکت... چرپەیەکی هەناسەکت
تالێ قژت بدۆزمەوە
لە دەربارىا تەمەن نامەی دوایادگاریم بنووسمەوە
ئەمشەو لەکوێ ی؟
تەنیایی من وولاتێکی ترسناکە
گڵۆپەکان ئەسووتێن و من کز ئەبم
شەقامی شار گەشتر ئەبێ و
منی تەنیای تیا وون ئەبم
خەیاڵێکی ڕموزنی دەستی گرتووم
دڵم مشتێ پرس و خەمەو بۆت ئەگەڕێم
لەم شارەیا بۆ کام جێگا تیلەی هەنگاوم هەڵدێنم
ئەوەندەی تر بێ تۆ ئەبم
دەپێم بڵێ
ڕێگایە هەیە بمگەیەنێ بەدیدارت نەمگرتبێ؟
لەم جیهانە کێ وەکو من بۆ داخوازیت شەقاربووە؟
کێ وەکو من تۆی وویستووە؟
وا ئەمشەویش نەك بە تەنها لەم شارەدا
پەیڤەکانم بە ئەستێرەی ئاسمانی ئەم گێتی یەدا
جاڕی مەرگی منیان هەڵدا
ئەی تۆ هێشتا نەتبیستووە؟
ئەمشەو لە کوێ ی؟
دەروێش نیم و حاڵم هەیە
ئاخر گوڵم بۆ نامناسیت؟
من ئەو شاعیرە بێ جێ یەم
یاخی ئەبووم لەو یاسایەی ئەیکردم بەتاپۆی مرۆ
من ئەو کەسەم کە نەمئەویست ببم بە موڵکی مرۆیە
ئێستاش هەر خۆم پاشگەز ئەبم
تەنها ئەمشەو دەرکەوە لێم
ئەوە چاوم.... ئەوە دڵم
ئەوە شیعرم... ئەوە ساڵم
بێ گومانبە کۆیلەی تۆیە

چەمچەماڵ 1994